# Classification of industries according to ISIC classification and their geographical distribution in the mountainous region of Erbil province

Sherwan Hussein shink[1], Amanj Ahmad Hamadamin[2]
Faculty Arts – Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.56*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*One of the most important issues in industrial geography is the separation and classification of industries, which aims to collect similar industrial activities to easily show the differences in the distribution of industrial activities their classification and distribution direction, is unknown in this area, so that it can be a good help for planners in order to develop the area. For this purpose, methods (descriptive, analytical and comparative) have been used Sectors in map format. Finally, the study reached several conclusions, including: Industrial sectors in the study area (300) industrial factories exist and the direction of their distribution in the north of the study area with a degree of (1.84).*

***Keyword***: *industry, industrial classification, distribution direction, mountainous area of Erbil province*

# پۆلێنکردنی پیشەسازییەکان بەپێی پۆلێنکاری ISIC و دابەشبوونی جوگرافییان لە هەرێمی ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر

م. ی. شێروان حسێن شینک
فاکەڵتیی ئاداب – زانکۆی سۆران
Sherwan.shink@soran.edu.iq

پ. ی. د. ئامانج احمد حمدأمین
فاکەڵتیی ئاداب – زانکۆی سۆران
amanj.hammadamin@soran.edu.iq

**پوختە**

یەکێک لە بابەتە گرنگەکان لە جوگرافیای پیشەسازیدا، بریتییە لە جیاکردنەوە و پۆلێنبەندکردنی پیشەسازییەکان، کە مەبەست لێی کۆکردنەوەی چالاکییە پیشەسازییە هاوشێوەییەکانە، تا بتوانرێت بە ئاسانی جیاوازی دابەشبوونی چالاکییە پیشەسازییەکان دەربخات. لەم لێکۆڵینەوەیەدا پۆلێنکردنی کەرتە پیشەسازییەکان و ئاراستەی دابەشبوونیان لە هەرێمی ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر خراوەتەڕوو، چونکە پیشەسازییەکان لەم ناوچەیەدا پۆلێنبەندکردن و ئاراستەی دابەشبوونیان دیارنییە، تا بتوانرێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ پلاندانەران بە مەبەستی گەشەپێدانی ناوچەکە، بۆ ئەم بەستە سوود لە میتۆدی (وەسفی، شیکاری و بەراوردکاری) بینراوە، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە تەکنیکەکانی سیستەمی زانیاریی جوگرافی بینراوە، بە تایبەت لە دیاریکردنی ئاراستە و نیشاندانی کەرتەکان بە شێوەی نەخشە. لە کۆتایدا لێکۆڵینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، لەوانە: کەرتە پیشەسازییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (300) کارگەی پیشەسازی بوونی هەیە و ئاراستەی دابەشبوونیان بە ئاراستەی باکوری ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پلەی (1.84).

**وشە کلیلییەکان** (پیشەسازی، پۆلێنکردنی پیشەسازی، ئاراستەی دابەشبوون، ناوچەی شاخاوی پارێزگای هەولێر).

## پێشەکی

ئەنجامدانی چالاکیە پیشەسازییەکان و بەرهەمەکانیان گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ پێشکەوتنی وڵاتان، چونکە دەتوانرێت لە ڕێگەی بەرهەمە پیشەسازییەکان و داهاتەکانیەوە وەبەرهێنان لە سەرجەم کەرتەکانی تری ئابووریدا بکات، بۆیە زانین و پۆلێنبەندنکردنی کەرتەکانی پیشەسازی لەگەڵ دیاریکردنی ئاراستەی دابەشبوونیان یارمەتیدەرە بۆ گەشەپێدانیان لە هەر ناوچەیەکدا، ناوچەی لێکۆڵینەوەش لە ڕووی کەرتەکانی پیشەسازییەوە بەشێوەی جیاواز دابەشبوون، بۆیە هەوڵی پۆلێنکردن و دەرخستنی ئاراستەی دابەشبوونیان لەم لێکۆلینەوە دراوە.

بایەخ و گرنگیی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە، ڕۆشنایی ئەخاتەسەر پۆلێنکردنی پیشەسازییەکان بەپێی پۆلێنکاری پیشەسازیی پێوانەی نێودەوڵەتی ( International standard industrial classification)، لەگەڵ زانینی ئاراستەی دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان و دابەشبوونیان لە ناوچەکانی هەرێمی ناوچەی شاخاوی پارێزگای هەولێر.

پێکهاتەی پیشەسازی و پۆلێنکردنی کەرتە پیشەسازییەکان بە پشتبەستن بە ئاراستەی دابەشبوونیان لە هەر ناوچەیەک، پێویستی بە هەڵوەستەکردن و دەرخستنیانە بەشێوەیەکی زانستی، هەرێمی ناوچەی شاخاوی پارێزگای هەولێریش لە ڕووی پیشەسازییەوە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە بارەیەوە ئەنجامنەدراوە، ئەوەی کراوە لە چوارچێوەی پارێزگای هەولێر بووە، ئەمەش بە گرفتێک دادەنرێت. بۆیە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە هەڵوەستەکردن بەشێوەیەکی زانستی پێویستییەکی گرنگە دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ پلاندانەران بە مەبەستی گەشەپێدانی کەرتە پیشەسازییەکان لەم ناوچەیە.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، پۆلێنکردن و دەرخستنی کەرتە پیشەسازییەکانە بەپێی پۆلێنی پیشەسازیی پێوانەی نێودەوڵەتی، لەگەڵ دیاریکردنی ئاراستەی دابەشبوونیان بەپێی ناوچەکانی هەرێمی شاخاویی پارێزگای هەولێرە، بە مەبەستی نیشاندانی وێنەی ڕاستەقینەی پیشەسازییەکان و دابەشبوونیان.

لەم لێکۆڵینەوەیە پشت بە چەند گریمانەیەک بەستراوە، لەوانە: پێکهاتەی پیشەسازی لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرە، ئەم جۆراوجۆریەش زیاتر لە جۆری پیشەسازییە گۆڕاوەکان دەبینرێت، جگە لەمەش ئاراستەی دابەشبوونی پیشەسازییەکان لە باشوری ناوچەی لێکۆڵینەوە بە ئاراستەی باکور دابەشبوون.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەریەکە لە میتۆدەکانی (وەسفی، شیکاری و بەراوردکاری) بەکارهاتوون. میتۆدی وەسفی، بە مەبەستی دەرخستنی بابەتی پیشەسازی و ڕوونکردنەوەی کەرتەکان بەکارهاتووە، هەروەها میتۆدی شیکاری بە مەبەستی شیکردنەوەی داتاکانی کەرتە پیشەسازییەکان و ڕیزبەندکردنیان بەکارهاتووە، هەرچی میتۆدی بەراوردکارییە بە مەبەستی بەراوردکردنی ناوچەکانی هەرێمی ناوچەی شاخاویی پارێزگای هەولێر لە ڕووی بوونی کەرتە پیشەسازییەکان بەکارهاتووە.


ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەمی تەرخانکراوە بۆ ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە، تەوەری دووەم پۆلێنکردنی پیشەسازییەکان بەپێی پێوەری پێوانەی نێودەوڵەتی خراوەتەڕوو، هەرچی تەوەری سێیەمە، ئاراستە و دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە باسکراوە، لە کۆتایش لێکۆڵینەوە بە چەند ئەنجامێکی زانستی گەیشتووە.

**1ـ ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

ناوچەی لێکۆڵینەوە (هەرێمە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر)ە، یەکێکە لە هەرێمە سروشتییەکانی پارێزگای هەولێر نیوەی باکوری ئەم پارێزگایەی داگیرکردووە. لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەشی باکوری سنوری نێودەوڵەتی (عێراق و تورکیا)یە، لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی سنوری نێودەوڵەتی (عێراق و ئێران)ە، کە جیایدەکاتەوە لە وڵاتی ئێران. بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی، هەرچی بەشی باشوری ناوچەی لێکۆڵینەوەیە، هاوتەریبە لەگەڵ چیا پێچە سادەکان، کە هێڵی کەنتوری (400م)ە، لەوانە: باباجیک (1010م)، پیرمام (1180م)، باواجی (1254م) و هەیبەت سوڵتان (1195م)، هەروەها لە ڕۆژئاواشیدا پارێزگای دهۆکە، هەروەک لە نەخشەی ژمارە (1) دیارە.

سنوری هەرێمە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر لە ڕووی کارگێرییەوە لە چەند یەکەیەک پێکهاتووە، کە ژمارەیان (4) قەزایە، ئەوانیش بریتین لە (مێرگەسۆر، سۆران، چۆمان، ڕواندز) کە بە فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی (2021/7/28) کراونەتە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و بەشێکی هەردوو قەزای (کۆیە و شەقڵاوە)دەگرێتەوە. جگە لەمەش هەرێمی ناوچەی شاخاوییەکان لە ڕووی پێگەی ئەسترۆنۆمییەوە، کەوتۆتە نێوان بازنە پانی (٢٧-٣٥°، ١٩-٣٧°)ی باکوری گۆیی زەوی و هێڵی درێژی (٢٠-٤٣°، ٠٥-٤٥°)ی ڕۆژهەڵات. هەروەک لە نەخشەی ژمارە (١)دا دیارە.

نەخشەی ژمارە (1) سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە بە گوێرەی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

1ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی نەخشەسازی 2023ز.

2ـ بەکارهێنانی (ArcMap, v.10.7)، بۆ سود وەرگرتن لە وێنەی بەرزی ژمارەیی (DEM) بە پێوەری 30م.

سنوری ئەم یەکە کارگێرییانەش کە هەرێمی ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێرییان پێکهێناوە دەگاتە (7304.18کم) وەک لە خشتەی ژمارە (1) دیارە.

خشتەی ژمارە (١) رووبەری یەکەکارگێرییەکانی سنوری هەرێمی ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر

| یەکە کارگێرییەکان | رووبەری(کم) | رووبەری٪ | گرنگی ریژەی |
|---|---|---|---|
| سۆران | ٢١٣٣.٤ | ٢٩.٢١ | ١ |
| مێرگە سوور | ٢٠٣١.٣٨ | ٢٧.٨١ | ٢ |
| شەقلاوە | ١٠٩٤.٢٧ | ١٤.٩٨ | ٣ |
| چۆمان | ٩٤٤.٤٦ | ١٢.٩٣ | ٤ |
| کۆیە | ٥٥٠.٣٦ | ٧.٥٣ | ٥ |
| رواندز | ٥٥٠.٣١ | ٧.٥٣ | ٦ |
| کۆی گشتی | ٧٣٠٤.١٨ | ١٠٠ | ٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافی (ArcMap, v.١٠.٧).

لە خشتەی ژمارە (1) و نەخشەی ژمارە (1)، بۆمان دەردەکەوێت یەکە کارگێرییەکانی هەرێمی ناوچەی شاخاویی پارێزگای هەولێر بە رێژەی جیاواز سنوری هەرێمەکە پێکدێنن. دەبینین قەزای سۆران بە گەورەترین بەش بەشداری لە رووبەری هەرێمەکە دەکات، کە (٪29.21) یە، بەپێی گرنگی رێژەیی دەبێتە (ناوچەی یەکەم). قەزای مێرگەسۆر کە رووبەرەکەی (٪27.81) بەپێی گرنگی رێژەیی دەبێتە (ناوچەی دووەم). قەزای شەقلاوەش بە رێژەی (٪14.98) بەپێی گرنگی رێژەیی دەبێتە (ناوچەی سێیەم). هەرچی قەزای چۆمان بە رێژەی (٪12.93) بەپێی گرنگی رێژەیی دەبێتە ( ناوچەی چوارەم). هەروەها قەزای کۆیە بە رێژەی (٪7.53) رووبەری هەرێمی ناوچە شاخاوییەکان پێکدێنێت و بەپێی گرنگی رێژەیی دەبێتە (ناوچەی پێنجەم). سەبارەت بە قەزای رواندزیش بە کەمترین رێژە کە (٪7.53) دەبێتە (ناوچەی شەشەم) لە هەرێمی ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر، شایەنی باسە لە رووی رێژە وە یەکسانە بە رێژەی ناوچەی پێنجەم، بەڵام لە رووی رووبەرەوە جیاوازی هەیە.

**2ـ پۆلێنکردنی پیشەسازییەکان بەپێی پۆلێنکاری ISIC لە هەرێمی ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر.**

ئەم تەوەری لێکۆڵینەوە تەرخانکراوە بۆ پۆلێنکردنی پیشەسازییەکان بەپێی پۆلێنکاری پیشەسازیی پێوانەی نێودەوڵەتی (International standard industrial classification)، کە تیایدا پیشەسازییەکان بە سەر دوو جۆر بەشدەکات، لەوانە (دەرهێنان، گۆڕاوەکان). مەبەست لە پۆلێنکردنیش دۆزینەوەی پێوەرێکی تایبەتە کە تێیدا راستیە هاوبەشەکان کە لە هەندێک پۆلدا کۆدەبنەوە دیاریبکات، بۆ ئاسانکاریکردن بۆ لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی بەراوردکارییەکی پێویست

(أسماعيل، 2010: ص45). مەبەست لە پۆلێنکردنیش بریتییە لە پرۆسەی ڕێکخستن بەپێی و لقەکان و دابەشبوونیان، بە مەبەستی ئاسانکاری زانینی شوێنەکانیان لە ناو پۆلێنکردنەکەدا (العتبي، 2021:ص21). پۆلێنکردنی پیشەسازیی پێوانەی نێودەوڵەتیش بریتییە لە پۆلێنکردنی پیشەسازییەکان بۆ لقە سەرەکییەکان و لقە لاوەکییەکان، بە پشتبەستن بە جۆری پیشەسازییەکان و سروشتی بەرهەمهێنانیان یاخود ڕادەی پێشکەوتنیان (رسول، 1976: ص134). ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەیەک پیشەسازی لەخۆدەگرێت، کە بەپێی پۆلێنکاری نێودەوڵەتی بۆ چالاکییە پیشەسازییەکان بەپێی جۆرەکانیان بۆ (دەرهێنراوەکان، گۆڕاوەکان) دابەشکراون، ئەم جۆرانەش چەند کەرتێکی پیشەسازی لەخۆدەگرن، ئەم کەرتە پیشەسازییانەش چەند لقێکی پیشەسازی لەخۆدەگرن، کە ژمارەی کەرتە پیشەسازییەکانیش (300) کارگەیە. ئەم پیشەسازییانە (38) کارگەیان تایبەتن بە پیشەسازییە دەرهێنراوەکان، (262) کارگەیان لە جۆری پیشەسازییە گۆڕاوەکانن، وەک لە خشتەی ژمارە (2)دا دیارە.

خشتەی ژمارە (2) پۆلێنکردنی پشەسازییەکان بەپێی پۆلێنکاری (ISIC) لە ساڵی 2021 لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

| جۆری پیشەسازی | کەرتە پیشەسازییەکان | لقی پیشەسازی | کۆی گشتی | ٪ | ز |
|---|---|---|---|---|---|
| دەرهێنراوەکان | چاڵە نەوتییەکان | چاڵە نەوتییەکان | ١٢ | ٤ | ٧ |
| | کانە بەردینەکان | چەو و لم، بەردی بینا، تیکەلە، بەردی شکاو، قوری خشت ، سەرە بەرد، بەردی گەچ، بەردی موزایک، چەو و لم + بەردی شکاو | ٢٦ | ٨.٦٧ | ٣ |
| گۆڕاوەکان | بیناسازی | شکاندنی بەرد، بلۆک، شتایگەر، ثرمستون، کربستون، بلوکی پۆترا، کاشی، کۆنکریتی ئامادەکراو، دینگەی کۆنکریت، بۆری کۆنکریت، بەردی مەرمەر، گەچ، کەرپووچ، قیر، دیکۆرات، سقفی ئامادەکراو، مەغسەلەی مەرمەر، دەبل جام، مەرمەری دەستکرد، کوزە | ٣٨ | ١٢.٦٧ | ٢ |
| | خۆراک و خواردەمەنییەکان | تحین، ئارد، ساردەمەنی، خواردنەوە گازییەکان، شیرەمەنی ئەلبان، شیرنەمەنی، خواردنی ئاپۆشراو، بەفر، جیپس، قەند، ئالیکی ئاژەڵ، ساس، بەهارات، ئاوی سروشتی، بەستەنی، چەرەزات، خوێ | ٢٥ | ٨.٣٣ | ٤ |
| | کوتاڵ و جل و بەرگ | دۆشەک و بالیف، جل و بەرگ | ٢ | ٠.٦٧ | ١٢ |
| | بەرهەمە کیمیاییەکان | پیستەخۆشکردن، غازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، دەرمان، سابوون، زاهی، ماددەی کیمیایی زیادکراوی کەرستەی بیناسازی، بۆیاغ | ٦ | ٢ | ٩ |
| | بەرهەمە دارییەکان | برینی دار، دەرگاوپەنجەرە، پووشی موبەریدە، دیکۆرات | ٢٢ | ٧.٣٣ | ٥ |
| | کاغەز و چاپەمەنی | دەفتەر، پسولە، دەسماڵی کاغەز، برینی کارتۆن، دروستکردنی کارتۆن، چاپی کتاب | ٤ | ١.٣٣ | ١١ |
| | پترولیەکان | دووبارە بەکارهێنانی ڕوونی پیس، دروستکردنی غازی شل | ١٤ | ٤.٦٧ | ٦ |
| | پلاستیک | سندووق، فلین، دەرگاو پەنجەرەی پلاستیک، تانکی پلاستیک، قەفیز سۆندە، قاپ سەفەری، بۆری پلاستیک، دووبارە بەکارهێنانی تایەی سیارە | ٧ | ٢.٣٣ | ٨ |
| | بەرهەمە کارەباییەکان | ئالاتی کشتوکاڵی بەدیل، کابینەی بلۆک، چاککردنەوەی حفارە، بۆکس، بۆردی کارەبایی | ٥ | ١.٦٧ | ١٠ |
| | کانزا فلزییەکان | عەرەبانەی دەست | ٢ | ٠.٦٧ | ١٢ |
| | کانزا نیمچە فلزییەکان | تانکی ئاو، بوتلی غاز، جەمەلۆن، دەراب، دکینت موبەریدە، موشەبەک سیاج، سیم سیاج، سویچ، تورنە، نەخش، قرمیدی ئاسن، سنگی ئاسن، شلمان، دروستکردنی قاعە، غەربیل، دەرگاو پەنجەرەی ئاسن، ئەلەمنیۆمی ئاسن و کەوەنتەر، بۆفیە، تاخم قەنەف، طبلە، مۆبیلیات، ژووری نوستن، چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل | ١٣١ | ٤٣.٦٧ | ١ |
| | پیشەسازییەکانی تر | شوشتن و چەورکردی ئۆتۆمبیل | ٦ | ٢ | ٩ |
| سەرجەم | | | ٣٠٠ | ١٠٠ | ١٤ |

سەرچاوە :
١ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەرێوەبەرایەتی پیشەسازی، بەشی پلاندان، ساڵی(٢٠٢٣)، داتای بڵاونەکراوە.
٢ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی سامانەسروشتییەکان، بەشی کاروباری نەوت و کانە بەردینەکان، ساڵی (٢٠٢٣)، داتای بڵاونەکراوە.

لە خشتەی ژمارە (2)دا دەردەکەوێت، پیشەسازییەکان بەپێی پۆلێنکاری پیشەسازیی پێوانەی نێودەوڵەتی دابەشکراوە بە سەر (2) جۆری سەرەکی، لەوانە: جۆری پیشەسازی دەرهێنراوەکان، جۆری پیشەسازیی گۆڕاوەکان، ئەو جۆرە پیشەسازییانەش بەم شێوەی خوارەوەن:

## 2ـ 1 پیشەسازییە گۆڕاوەکان Transforming Industries

پیشەسازییە گۆڕاوەکان بە یەکێک لە چالاکییە گرنگەکانی پیشەسازی دادەنرێت لە ئابووری نوێ و هاوچەرخدا، چونکە ڕۆڵێکی گرنگیان لە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووریدا گێراوە، ئەم چالاکییەی پیشەسازی بە بناغەی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەژماردەکرێت، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەژیانی مرۆڤەوە هەیە، جگە لەمەش پیشەسازییە گۆڕاوەکانی بریتین لە گۆڕینی کەرستەی سەرتاییەکان لە شێوەیەک بۆ شێوەیەکی گونجاوتر، ئەمەش لە پێناو تێرکردنی پێداویستی مرۆڤ (رشید و محمد، 2013: ل230). ئەم جۆرە پیشەسازییەش لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پلەی یەکەم دێت، کە ژمارەیان (262) کارگەیە، بەمەش ڕێژەی (87.33٪)ی کۆی گشتی پیشەسازییەکان پێکدێنێت، کەرتەکانیشی بەپێی ڕیزبەندی خشتەی ژمارە (2) بەم شێوەی خوارەوەن:

### 2ـ 1ـ 1 پیشەسازیی کانزای نیمچەفلزییەکان

پیشەسازیی کانزا نیمچە فلزییەکان لە یەکەی پیشەسازیی بچووک پێکدێت لە ڕووی قەبارە و خزمەتگوزارییەکی زۆرتر دەبەخشن لە بەرهەمهێنانیاندا، وەک پیشەسازی (پیشەوەرییەکان و خزمەتگوزاریی چاککردنەوە و تەنەکەچی و ئاسنگەری و بۆیەکردن و ڕوونگۆر و جامچی و فرۆشتنی ئامێری ئۆتۆمبێل و یەکەکانی دەرگا و پەنجەر) کە گۆڕانکاری دەکات لە شێوەی کەرستەخاوەکان (شێخۆ، 2008: ص125). پیشەسازیی کانزای نیمچە فلزی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پشتبەستن بە ژمارەی کارگەکان بە پلەی یەکەم دێن، کە ژمارەیان (131) کارگەیە، ئەم ژمارەیەش ڕێژەی (43.67٪) ی کۆی گشتی پیشەسازییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدێنن.

### 2ـ 1ـ 2 پیشەسازیی بیناسازی

پیشەسازیی بیناسازی هەموو ئەو پیشەسازییانە دەگرێتەوە کە کەرەستەی بیناسازی پێویست بۆ دروستکردنی بینا دروستدەکەن. وەک دروستکردنی کاشی سیرامیک، جیپس، خۆڵ،

مۆزایک، مەڕمەڕ (حسن، 2016: ص10). و خشت، چیمەنتۆ، بلۆک، شتایگەر، ڕووپۆشکردنی پلیکانەکان، گەچ و تۆزی ورد) (منشد، 2018: ص17). پیشەسازیی بیناسازیش بە یەکێک لە پیشەسازییە کۆنەکان هەژماردەکرێت، هەر لە کۆنەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بوونی هەبووە، چونکە ئەم پیشەسازییە داهاتێکی زۆر خێرای لێ دەکەوێتەوە (ئیسماعیل، 1998: ل217). سەبارەت بە پیشەسازیی بیناسازی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، لە سەر ئاستی جۆرەکانی پیشەسازی بە پلەی دووەم دێت، هەروەها لە سەر ئاستی کەرتە پیشەسازییە گۆڕاوەکانیش بە پلەی دووەم دێت، کە ژمارەیان (38) کارگەیە و ڕێژەی (12.67٪) کۆی گشتی پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدێنێت.

2ـ 1ـ 3 پیشەسازیی خۆراک و خواردەمەنییەکان

پیشەسازییە خۆراکییەکان لەو پیشەسازییانەن، کە پێویستە گرنگییان پێبدرێت، بە هۆی گرنگییەکەی لە پاڵپشتیکردنی بەرهەمە خۆراکییەکان بە گەڕانەوەی ئابووری گوندنشینەکان لە ڕێگەی کشتوکاڵیکردن و سوودوەرگرتن لە بەرهەمەکانیان، بە گۆڕینیان لە کەرەستەی خاوی کشتوکاڵی سەرەتایی بۆ بەرهەمی خۆراکی پێویست، کە دانیشتوان پێویستی پێیەتی (مكي، 1982: ص26). لە گرنگترین چالاکییە پیشەسازییەکانی ئەم کەرتە بریتییە لە بەرهەمهێنانی (زەیتی ڕووەکی، نیشاستە، ئارد، بەهاراتەکانی خۆراک، میوەی جۆراوجۆر، پەستانی خورما، هەویری تەماتە، وردکردنی دانەوێڵە، عەلوەی ئاژەڵان، چەوری، کشمشی، مرەبا، خواردنەوە کحولیەکان، شیرینی، زەیتی ڕووەکی، بەرهەمی نانەواخانە، وردکردنی دانەوێڵە، شەربەت)، (منشد، 2018: ص17)، سەبارەت بە پیشەسازیی خۆراک و خواردەمەنییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بە پلەی چوارەم دێن لە سەر ئاستی جۆری پیشەسازییەکان و بە پلەی سێیەم دێن، لەسەر ئاستی کەرتی پیشەسازییە گۆڕاوەکان، کە ژمارەی کارگەکانی (25) کارگەیە و ڕێژەی (8.33٪) کۆی گشتی پیشەسازییە گۆڕاوەکان پێکدێنێت.

2ـ 1ـ 4 پیشەسازیی دار و بەرهەمەدارییەکان

پیشەسازیی دار و بەرهەمەدارییەکان یەکێکە لە پیشەسازییە بەکاربەرەکان و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی دانیشتووانەوە هەیە، چونکە بەرهەمەکەی بۆ کەلوپەلی ناوماڵ و ئۆفیس بەکاردێت، کە لە دار دروستدەکرێن، بۆیە دەبینین پیشەسازی دارتاشی لە شارەکاندا، بەو پێیەی بازاڕێکی گرنگە بۆ ئەو بەرهەمانە و زیاتر تەشەنەیکردووە، ئەم کەرتە پیشەسازییە تاڕادەیەکی زۆر پشت بە شارەزایی و تەکنیکی دەبەستێت، لە کاتی بەرهەمهێناندا پێویست دەکات پەیوەندی بکرێت بە بەکاربەر و زانینی سەلیقەی بەکاربەران و ئەو نرخەی کە ئەو بۆ کاڵاکە دیاریدەکرێت (الزيادي، 2019: ص116). ئەم کەرتەش لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، لە سەر ئاستی جۆرەکانی پیشەسازی بە پلەی پێنجەم دێت، لە سەر ئاستی کەرتەکانی پیشەسازیی گۆڕاو بە پلەی چوارەم دێت، کە ژمارەی کارگەکانی دەگاتە (22) کارگە، بەمەش ڕێژەی (7.33٪)ی کۆی گشتی کارگەکان پێکدێنێت.

2ـ 1ـ 5 پیشەسازیی پترۆڵییەکان

ئەم پیشەسازییە بریتییە لە پاڵاوتەکردنی نەوتی خاو، بەشێوەیەکی زانستی بە پرۆسەی جیاکردنەوەی پێکهاتە هایدرۆکاربۆنییەکان پێناسە دەکرێت، کە نەوت و پێکهاتەکانی دەگرێتەوە، لە ماددەی زەیتی نەوت و غازی سروشتی کە وەک ماددەیەکی وزەی سەرەکییە، یاخود وەک وزەیەکی بنچینەیی لە زۆربەی کەرتە پیشەسازییەکان و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەکاردێت. پێکهاتەکانی نەوتیش (زەیت، غاز، نەوتی ڕەش،... هتد) دەگرێتەوە و وەک ماددەیەکی سەرەکی لە پیشەسازییەکاندا بەشداریدەکات (خليل، 2014: ص36). کەرتی پیشەسازییە پترۆڵیەکانیش لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە سەر ئاستی جۆرەکانی پیشەسازی بە پلەی شەشەم دێن، لە سەر ئاستی کەرتە پیشەسازییە گۆڕاوەکانیش بە پلەی پێنجەم دێن، کە ژمارەی کارگەکانیان دەگاتە (14) کارگە، بەمەش ڕێژەی (4.67٪) ی کۆی گشتی کەرتە پیشەسازییەکان پێکدێنێت.

2ـ 1ـ 6 پیشەسازیی پلاستیک

پیشەسازیی پلاستیک بە پیشەسازییەکی گرنگ دادەنرێت، لەبەرئەوەی بەرهەمەکەی جۆراوجۆرە لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێت، وەک (بۆری پلاستیکی، سۆندەی لاستیکی، کەل و پەلی ناومال، سندوقی لاستیک، کیسی نایلۆن، کورسی پلاستیکی، فلین، تایەی سەیارە، قەفیز سۆندە، قاپ سەفەری پلاستیکی ئۆتۆمبیل... هتد)، (باڵەکی، 2016: ل44). سەبارەت بە کەرتی پیشەسازیی پلاستیک لە هەرێمی ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێریش لە سەر ئاستی جۆرەکانی پیشەسازی بە پلەی هەشتەم دێت، لە سەر ئاستی کەرتە پیشەسازییە گۆڕاوەکانیش بە پلەی شەشەم دیت، کە ژمارەی کارگانی دەگاتە (7) کارگە، بەمەش ڕێژەی (2.33٪) ی کۆی گشتی پیشەسازییەکان پێکدێنێت.

2ـ 1ـ 7 پیشەسازیی بەرهەمە کیمیاوییەکان

پیشەسازییە کیمیاییەکان لە پێشکەوتووترین و گرنگترین پیشەسازییەکانن، هەر بۆیەش بە پیشەسازییە بنەڕەتییەکان دادەنرێن، چونکە بنەمای زۆرێک لە پیشەسازییەکان پێکدەهێنن، کە ڕۆژبەڕۆژ ژمارەیان لە زیادبووندایە و لە زۆربەی لایەنەکانی چالاکییەکانی مرۆڤدا بەکاردەهێنرێن، وەک: دروستکردنی ترش، خوێ، پلاستیک، کاغەز، لاستیکی دەستکرد، بۆن، دەرمان، و ڕیشاڵی دەستکرد کەرەستەی بۆیاخکردن و ڕەنگکردن، مادەی تەقینەوە، چەسپ، پەینی خاک، و مێروکوژەکان. هەموو ئەم بەرهەمانە گرنگن و بەشێوەیەکی فرەچەشنی لە چالاکییەکانی مرۆڤ بەکاردەهێنرێن(هارون، 2002: ص291). ئەگەر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەم کەرتە بڕوانین، دەبینین هاوتا لەگەڵ پیشەسازیییەکانی تر لە سەر ئاستی جۆرەکانی پیشەسازی بە پلەی نۆیەم هاتووە، بەڵام لە سەر ئاستی کەرتە پیشەسازییە گۆڕاوەکان بە پلەی حەوتەم دێت، کە ژمارەی کارگە پیشەسازییەکانی دەگاتە (6) کارگە، بەمەش ڕێژەی (2٪)ی کۆی گشتی پیشەسازییەکان پێکدێنێت.

2ـ 1ـ 8 پیشەسازییەکانی تر

مەبەست لە پیشەسازییەکانی تر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەو پیشەسازییانەن کە لە پۆلێنبەندی بە پێی پۆلێنکاری نێودەوڵەتی بۆ پیشەسازییەکان ( شوشتن و چەورکردنی ئۆتۆمبێل) دەگرێتەوە، ئەم پیشەسازییانە لە ڕوانگەی سیفەتەکانیانەوە لەگەڵ هیچ پیشەسازییەکی تر یەکناگرێتەوە. لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەم پیشەسازییانە لە سەر ئاستی جۆرەکانی پیشەسازی هاوتا لەگەڵ پیشەسازی بەرهەمە کیمیاوییەکان بە پلەی نۆیەم دێن، لەسەر ئاستی پیشەسازییە گۆڕاوەکانیش بە پلەی هەشتەم دێن، ژمارەیان دەگاتە (6) کارگە، هەروەها ڕێژەی (2٪) ی کۆی گشتی پیشەسازییەکان پێکدێنن.

3ـ 1ـ 9 پیشەسازیی بەرهەمەکارەباییەکان

پیشەسازیی بەرهەمەکارەباییەکان بە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی ئابووریی نیشتمانی دادەنرێت و ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووریدا دەگێڕێت (العباس، 2026: ص438). پیشەسازیی بەرهەمەکارەباییەکانیش (ئامێر یان مەکینە یان پێکهاتەی کارەبایی و ئەلیکترۆنی) دەگرێتەوە و بەرهەمەکانیشیان بریتین لە (کەل و پەلی ناوماڵ، محاویلە، ئامێری پەیوەندی، ئامێری پێوانەکردن، ئامێری پزیشکی، ئامێری ئامێرەکانی پیشەسازی، محاویلەی کارەبایی، کە کاری ئاڵوگۆڕکردنی تەوژمی وزەیە لە وزەیەکی دیاریکراو بۆ وزەیەکی تر بە پێی توانا)، (باڵەکی، 2016: ل45). سەبارەت بەم کەرتەش لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، لە سەر ئاستی جۆرەکانی پیشەسازی پلەی دەیەم وەردەگرێت، لە سەر ئاستی کەرتە پیشەسازییە گۆڕاوەکانیش بە پلەی هەشتەم دێت، کە ژمارەیان (5) کارگەیە، ڕێژەی (1.67٪) کۆی گشتی کەرتە پیشەسازییەکان پێکدێنێت.

2ـ 1ـ 10 پیشەسازیی کاغەز و چاپەمەنی

ئەم کەرتە پیشەسازییە هەریەک لە دروستکردنی کاغەز و بەرهەمە چاپەمەنییەکان دەگرێتەوە، پیشەسازیی کاغەز لە ئەنجامی گۆڕینی کەرەستەی خاوی درەختی یاخود کاغەز و کارتۆنی بێکەڵک بۆ هەویری سلیلۆزی و پاشان بۆ کۆتاجار گۆڕینیان بۆ کاغەز، کە هەموو جۆر و شێوە و قەبارەیەکی لێ بەرهەم دەهێنرێت، زۆرجار بەرهەمی ئەم پیشەسازییە دەبێتە کەرەستەی خاوی هەندێک پیشەسازی تر، ئەمەش بەپێی داواکاری جۆرەکەیان دیاریدەکرێت. جۆرەکانیش، وەک کاغەز و کارتۆن،...هتد)، (علی، 2022: ل34). ئەم کەرتەش لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە سەر ئاستی جۆرەکانی پیشەسازی بە پلەی یازدەیەم دێت و لە سەر ئاستی پیشەسازییە گۆڕاوەکانیش بە پلەی نۆیەم دێت، کە ژمارەی کارگەکانی دەگاتە (4) کارگە، بەمەش ڕێژەی (1.33٪) ی کۆی گشتی پیشەسازییەکان پێکدێنێت.

2ـ 1ـ 11 پیشەسازیی کانزای فلزی

پیشەسازیی کانزا فلزییەکان بە تایبەت ئاسن و پۆڵا، یەکێکە لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی ئابووری لە بوارەکانی پیشەسازی یاخود کشتوکاڵ یان گواستنەوە یان بنیاتنان، کە

پیشەسازیی ئامێر و مەکینەکان دەگرێتەوە (شێخۆ، 2008: ص82). ئەم کەرتەش لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە سەر ئاستی جۆرەکانی پیشەسازی لەگەڵ پیشەسازیی ڕستن و کوتاڵ و جلوبەرگ بە پلەی دوازدەیەم دێت، لە سەر ئاستی کەرتە پیشەسازییە گۆڕاوەکانیش بە پلەی دەیەم دێت، ژمارەی کارگەکانی (2) کارگەیە، ڕێژەی (0.67٪) ی کۆی گشتی پیشەسازییەکان پێکدێنێت.

2ـ 1ـ 12 پیشەسازیی ڕستن و کوتاڵ و جلوبەرگ

ئەم جۆرە پیشەسازییە بە یەکێک لە کۆنترین و گرنگترین جۆری پیشەسازی دادەنرێت، کە پشت بە کەرستەی سەرەتایی دەبەستێت (الفلاحي، 1989: ص103). لە گرنگترین بەرهەمەکانی ئەم پیشەسازییە بریتییە لە (فەرشی دەستی، دورین، خاوێنکردنەوەی چەرم، قوماش، بەرهەمهێنانی قوماشی ئامادەکراو وەک، پەردە و پەڕۆ و قوماشی جۆراوجۆر، فەرش و پەت، ڕەنگکردن و خوێکردن چەرم، پەستانی چەرم،... هتد) دەگرێتەوە (منشد، 2018: ص18). ئەم کەرتەش لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، لە سەر ئاستی جۆرەکانی پیشەسازی لەگەڵ پیشەسازیی کانزا فلزییەکان بە پلەی دوازدەیەم دێت، لە سەر ئاستی کەرتە پیشەسازییە گۆڕاوەکانیش بە پلەی دەیەم دێت، کە ژمارەیان (2) کارگەیە، بەمەش ڕێژەی (0.67٪) ی کۆی گشتی پیشەسازییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدێنێت.

## 2ـ 2 پیشەسازییە دەرهێنراوەکان Extractive industries

پیشەسازیی دەرهێنان بریتییە لە هەر پرۆسەیەک کە بریتی بێت لە دەرهێنانی کەرەستەی خاو لە زەوی بۆ بەکارهێنانی لە لایەن بەکارهێنەرانەوە. بە جۆرێکی تر پیشەسازیی دەرهێنان ئەو پیشەسازیانەن کە لە سەر بنەمای دەرهێنانی کانزاکان لە زەویدا دامەزراون و ئەو پیشەسازیانەش پشت بە سەرچاوە سروشتییەکان دەبەستن، کە ناتوانرێت نوێبکرێنەوە وەک فۆسفات، نەوت و گاز. لە گرنگترین بەرهەمەکانی ئەم کەرتە بریتییە لە نەوت، خەڵوز، گازی سروشتی، ئاسن و کانزای دەگمەن و بەنرخ و نائاسنییەکان (6716https://ar.warbletoncouncil.org/industria-extractiva-). سەبارەت بە پیشەسازییە دەرهێنراوەکانیش لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەپێی پۆلێنکاری نێودەوڵەتی بۆ پۆلێنکردنی پیشەسازییەکان، هەریەک لە کەرتە پیشەسازییەکانی (چاڵە نەوتییەکان و کانە بەردینەکان) دەگرێتەوە، کە ژمارەیان (38) کارگەیە، ئەوانیش بەم شێوەی خوارەوەن:

2ـ 2ـ 1 چاڵە نەوتییەکان

کەرتی پیشەسازیی چاڵەنەوتییەکان یەکێکە لەو کەرتە پیشەسازییانەی کە تایبەتە بە جۆری پیشەییە دەرهێنراوەکان، ئامانج لێی هێنانەدەرەوە و پاڵاوتنی نەوتە لە ژێر زەویدا، ناوچەی لێکۆڵینەوەش لە ڕووی چاڵە نەوتییەکانەوە دەوڵەمەندە، لە نێو کەرتە پیشەسازییەکان لە سەر ئاستی جۆرەوە بە پلەی حەوتەم دێت و لە سەر ئاستی کەرتە پیشەسازییە

دەرهێنراوەکانیش پلەی دووەم وەردەگرێت، کە ژمارەیان (12) چاڵەنوتە، ڕێژەی (4٪) کۆی گشتی پیشەسازییەکان پێکدێنێت.

2ـ 2ـ 2 کانە بەردینەکان

کانەکان پێکهاتەی سروشتی وەبەرهێنن، ڕوو لەم شوێنانە دەکەن، کە بەرد، گەچ، چەو، لم، خۆڵ و تێکەڵەی تێدایە، ئەم ماددانە بۆ مەبەستی پیشەسازی و بیناسازی بەکاردێت، جا چ لە سەر ڕووی زەوی، یان لە ژێر زەوی، یان لە ئاوەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بێت (رشيد، 2014: ل46). ناوچەی لێکۆڵینەوەش لە ڕووی کەرتی پیشەسازی کانە بەردینەکان لە سەر ئاستی جۆری پیشەسازی بە پلەی سێیەم دێت و لە سەر ئاستی پیشەسازییە دەرهێنراوەکانیش بە پلەی یەکەم دێت، ژمارەیان دەگاتە (26) کانەبەرد، بەمەش ڕێژەی (8.67٪)ی کۆی گشتی پیشەسازییەکان پێکدێنێت.


**3ـ ئاراستە و دابەشبوونی جوگرافی پیشەسازییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە**

لەم تەوەرەدا بە پشتبەستن بە پۆلێنکردنی پیشەسازییەکان هەوڵدراوە ئاراستە و دابەشبوونی جوگرافی پیشەسازییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دیاریبکەین، بەم شێوەی خوارەوە:

**3ـ 1 ئاراستەی دابەشبوونی پیشەسازییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە**

گرنگی ئەم بابەتە لە لێکۆڵینەوە جوگرافییەکان یارمەتیدەرێکی باشە بۆ زانینی ئاراستەی دابەشبوونی دیاردەکان، دیاریکردنی ئاراستەی دابەشکردنیش لە سەر بنەمای پێوانەکردنی ئاراستەی دابەشکردن (distribution Directional) دەبێت، کە پێوەرێکە بۆ دیاریکردنی ئاراستەی دابەشبوون بەکاردەهێنرێت، بە مەبەستی دیاریکردنی ئاراستەی دابەشبوونی ڕەگەزەکانی دیاردەکە بە وێنەکێشانی شێوەی هێلکەیی ئاراستەی دابەشبوونی دیاریدەکان ڕوندەکاتەوە. ئەم پێوەرە بە بابەتێکی گرنگ دادەنرێت لە جوگرافیادا، بۆ دیاریکردنی ئاراستەی دیاریدەکان، بە جۆرێک کە سودی بۆ ئەنجامدانی کردارەکانی پلاندانان دەبێت (کارەش، 2016: 68). سەبارەت بە ئاراستەی دابەشبوونی پیشەسازییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پشتبەستن بەو شیکردنەوەی کە لەسەرەوە خراوەتەڕوو، ئەنجامی ئاراستەی دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پلەی (1.41) دەرچووە، وەک لە نەخشەی ژمارە (2)دا دیارە، ئەم ئەنجامەش ئاراستەی دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان بە ئاراستەی باکوری ناوچەی لێکۆڵینەوە دەردەخات، چونکە نزیکە لە پلەی سفر، کە دەستپێکی ئاراستەی باکور دەنوێنێت. بە هۆی سنوردارکردنی نوسینی توێژینەوە لە کاتی بڵاوکردنەوە نەتوانرا هەنگاوەکانی دەرهێنانی ئاراستەی دابەشبوون لە سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان ئاماژەی پێبکەین، چونکە ئەمە توێژینەوەیەکە لە تێزی دکتۆرا وەرگیراوە لە پاشکۆکانیدا ئاماژەی پێکراوە.

نەخشەی ژمارە (2) ئاراستەی دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی 2021



سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی(ArcMap, v.10.7)، بۆ سوود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (2) .

### 3ـ 2 دابەشبوونی جوگرافی پیشەسازییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە


لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی دابەشبوونی دیاریدەکان نزیکترین بابەتە لە زانستی جوگرافیا، چونکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە شوێنەوە هەیە، کە خەسڵەتی جوگرافی پێدەبەخشێت، هەربۆیە بەخاڵی دەستپێک دادەنرێت لە لێکۆڵینەوە جوگرافییەکان و هەنگاوێکی پێویستیشە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی دیاریدە جیاوازەکان، لە ئەنجامی ئەم دابەشبوونەشدا جیاوازی شوێنی لە نێوان دیاریدەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەردەکەوێت (حمدأمین و ئەوانی تر، 2016: ل857). لێرەدا بە هۆی گرنگی دابەشبوون لە لێکۆڵینەوە جوگرافییەکان هەوڵدراوە پیشەسازییەکان بەپێی دابەشبوونی جوگرافیان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بخەینەڕوو، بە مەبەستی زانینی چۆنیەتی دابەشبوون و گرنگی ڕەێژەییان، دەردەکەوێت ناوچەی (یەکەم قەزای سۆران) بەپێی ژمارەی کارگەکان بە پلەی یەکەم دێت، کە کۆی گشتی ژمارەی کارگەکانی دەگاتە (128) کارگە، هەروەها ناوچەی (سێیەم قەزای شەقڵاوە) بە پلەی دووەم دێت، کە ژمارەی کارگەکانی دەگاتە (101) کارگە، هەریەک لە ناوچەکانی (پێنجەم قەزای کۆیە، دووەم مێرگەسۆر، چوارەم چۆمان و شەشەم ڕواندز) بە پلەکانی سێیەم تا شەشەم دێن، کە ژمارەی کارگەکانیان دەگاتە (44، 13، 7، 7) کارگە. وەک لە خشتەی ژمارە (3) و شێوەی ژمارە (1) نەخشەی ژمارە (3) دیارە.

خشتەی ژمارە (3) پیشەسازییەکان بەپێی پۆلێنکاری (ISIC) لە ساڵی 2021 لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

| جۆری پیشەسازی | کەرتە پیشەسازییەکان | ناوچە شاخاوییەکان ن١ ژ.ک | ن٢ ژ.ک | ن٣ ژ.ک | ن٤ ژ.ک | ن٥ ژ.ک | ن٦ ژ.ک | کۆی گشتی | ڕێژە٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەرهێنراوەکان | چاڵە نەوتییەکان | ١ | ١ | ١٠ | - | - | - | ١٢ | ٤ | ٧ |
| | کانە بەردینەکان | ١ | ٣ | ١٨ | ١ | ٣ | - | ٢٦ | ٨.٦٧ | ٣ |
| گۆڕاوەکان | بیناسازی | ٢٠ | ٢ | ١٠ | ١ | ٥ | - | ٣٨ | ١٢.٦٧ | ٢ |
| | خۆراک و خواردەمەنییەکان | ٩ | ٤ | ٧ | ٢ | ٢ | ١ | ٢٥ | ٨.٣٣ | ٤ |
| | کوتاڵ و جل و بەرگ | ١ | - | ١ | - | - | - | ٢ | ٠.٦٧ | ١٢ |
| | بەرهەمە کیمیاییەکان | ٢ | ١ | ١ | - | ٢ | - | ٦ | ٢ | ٩ |
| | بەرهەمە دارییەکان | ١٧ | - | ٣ | ١ | - | ١ | ٢٢ | ٧.٣٣ | ٥ |
| | کاغەز و چاپەمەنی | ٤ | - | - | - | - | - | ٤ | ١.٣٣ | ١١ |
| | پترۆلییەکان | ٤ | ١ | ٥ | ٢ | ٢ | - | ١٤ | ٤.٦٧ | ٦ |
| | پلاستیک | ٣ | - | ١ | - | ١ | ٢ | ٧ | ٢.٣٣ | ٨ |
| | بەرهەمە کارەباییەکان | ٢ | - | ١ | - | ٢ | - | ٥ | ١.٦٧ | ١٠ |
| | کانزا فلزییەکان | ١ | - | ١ | - | - | - | ٢ | ٠.٦٧ | ١٢ |
| | کانزا نیمچە فلزییەکان | ٦٣ | ١ | ٣٧ | - | ٢٧ | ٣ | ١٣١ | ٤٣.٦٧ | ١ |
| | پیشەسازییەکانی تر | - | - | ٦ | - | - | - | ٦ | ٢ | ٩ |
| کۆی گشتی | | ١٢٨ | ١٣ | ١٠١ | ٧ | ٤٤ | ٧ | ٣٠٠ | ١٠٠ | ١٤ |
| ڕیزبەندی | | ١ | ٤ | ٢ | ٥ | ٣ | ٥ | | | |


سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (2).

شێوەی ژمارە (١)ژمارەی پیشەسازییەکان لە ناوچەکانی هەرێمی ناوچەی شاخاوی پارێزگای هەولێر




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٣)

نەخشەی ژمارە (3) دابەشبوونی پیشەسازییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی 2021




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی(ArcMap, v.10.7)، بۆ سوود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (3) .

بە پشتبەستن بەو داتایانەی لە خشتەی ژمارە (3) و نەخشەی ژمارە (3) خراوەتەڕوو، بۆ ڕێزبەندیکردن و دابەشبوونی پیشەسازییەکان بەپێی ئاراستەی دابەشبوون، بەم شێوەی خوارەوەن:

### 3ـ 1ـ 1 ناوچەی یەکەم – قەزای سۆران


ئەم ناوچەیە دەکەوێتە ناوەڕاستی ناوچەی لێکۆڵینەوە، ڕووبەرەکەی دەگاتە (2133.4کم$^2$)، پێکهاتووە لە ناحیەکانی (سەنتەر، دیانا، سیدەکان، خەلیفان). دابەشبوونی پیشەسازییەکانیش لەم ناوچەیەدا چەند کەرتێک لەخۆدەگرێت، کە ژمارەیان (128) کارگەیە، بەمەش بە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی بوونی کەرتە پیشەسازییەکان، وەک لە خشتەی ژمارە (4) و شێوەی ژمارە (2) و نەخشەی ژمارە (4) دیارە. دەبینین لەو کەرتە پیشەسازییانەش کانزای نیمچە فلزی بە پلەی یەکەم هاتووە، کە ژمارەیان (63) کارگەیە، ڕێژەی (49.22٪) کۆی گشتی پیشەسازییەکان پێکدێنێت. هەریەک لە پیشەسازییەکانی (چاڵەنەوتییەکان، کانەبەردینەکان، کانزا فلزییەکان و کوتاڵ و جلوبەرگ) لە پلەی کۆتایی دێن، کە ژمارەیان (1) کارگەیە، ڕێژەی (0.78٪) پیشەسازییەکان پێکدێنن.

خشتەی ژمارە (4) کەرتە پیشەسازییەکان بەپێی پۆلێنکاری (ISIC) لە ساڵی 2021 لە ناوچەی یەکەم

| جۆری پیشەسازی | کەرتە پیشەسازییەکان | ژمارەی کارگە | ڕێژە٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| دەرهێنراوەکان | چاڵە نەوتییەکان | ١ | ٠.٧٨ | ٨ |
| | کانە بەردینەکان | ١ | ٠.٧٨ | ٨ |
| گۆڕاوەکان | بیناسازی | ٢٠ | ١٥.٦٣ | ٢ |
| | خۆراک و خواردەمەنییەکان | ٩ | ٧.٠٣ | ٤ |
| | کوتاڵ و جل و بەرگ | ١ | ٠.٧٨ | ٨ |
| | بەرهەمە کیمیاییەکان | ٢ | ١.٥٦ | ٧ |
| | بەرهەمە دارییەکان | ١٧ | ١٣.٢٨ | ٣ |
| | کاغەز و چاپەمەنی | ٤ | ٣.١٣ | ٥ |
| | پترولیەکان | ٤ | ٣.١٣ | ٥ |
| | پلاستیک | ٣ | ٢.٣٤ | ٦ |
| | بەرهەمە کارەباییەکان | ٢ | ١.٥٦ | ٧ |
| | کانزا فلزییەکان | ١ | ٠.٧٨ | ٨ |
| | کانزا نیمچە فلزییەکان | ٦٣ | ٤٩.٢٢ | ١ |
| | پیشەسازییەکانی تر | – | - | ٠ |
| سەرجەم | | ١٢٨ | ١٠٠ | ١٣ |


سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (3 )

شێوەی ژمارە (2) ژمارەی پیشەسازییەکان لە ناوچەی یەکەم




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (4).

نەخشەی ژمارە (4) دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان لە ناوچەی یەکەم (قەزای سۆران) لە ساڵی 2021ز




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی(ArcMap, v.10.7)، بۆ سوود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (4) .

### 3ـ 1ـ 2 ناوچەی سێیەم – قەزای شەقڵاوە


ئەم ناوچەیە لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە کەوتۆتە بەشی باشوری ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر، ڕووبەرەکەی دەگاتە (1472کم$^2$)، لەم ڕووبەرەش (1094.27کم$^2$)ی دەکەوێتە هەرێمی ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر، کە ناحیەکانی (سەنتەر، بالیسان، هیران) تەواوی سنورەکەیان و ناحیەکانی (هەریر، پیرمام، باسرمە) بەشێکی سنورەکەیان دەکەوێتە ناوچەی لێکۆڵینەوە. سەبارەت بە پیشەسازییەکانی ئەم ناوچەیە بە پلەی دووەم دێت، کە ژمارەیان دەگاتە (101) کارگە، هەروەک لە خشتەی ژمارە (5) شێوەی ژمارە (3) و نەخشەی ژمارە (5) دیارە. دەبینین کەرتی پیشەسازیی کانزای نیمچە فلزی بە پلەی یەکەم هاتووە، کە ژمارەیان (37) کارگەیە، ڕێژەی (36.63٪) کۆی گشتی کارگەکان پێکدێنێت. هەریەک لە پیشەسازییەکانی (کوتاڵ و جلوبەرگ، بەرهەمە کیمیاییەکان، پلاستیک، بەرهەمە کارەباییەکان و کانزافلزییەکان) لە کۆتا پلە دێن، کە ژمارەیان (1) کارگەیە، ڕێژەی (0.99٪) کۆی گشتی کارگەکان پێکدێنێت. هەروەها لەم ناوچەیە هیچ پیشەسازییەکی کاغەز و چاپەمەنی تێدا بەدیناکرێت.

خشتەی ژمارە (5) کەرتە پیشەسازییەکان بەپێی پۆلێنکاری (ISIC) لە ساڵی 2021 لە ناوچەی سێیەم

| جۆری پیشەسازی | کەرتە پیشەسازییەکان | ژمارەی کارگە | ڕێژە٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| دەرهێنراوەکان | چاڵە نەوتییەکان | ١٠ | ٩.٩٠ | ٣ |
| | کانە بەردینەکان | ١٨ | ١٧.٨٢ | ٢ |
| گۆڕاوەکان | بیناسازی | ١٠ | ٩.٩٠ | ٣ |
| | خۆراک و خواردەمەنییەکان | ٧ | ٦.٩٣ | ٤ |
| | کوتاڵ و جل و بەرگ | ١ | ٠.٩٩ | ٨ |
| | بەرهەمە کیمیاییەکان | ١ | ٠.٩٩ | ٨ |
| | بەرهەمە دارییەکان | ٣ | ٢.٩٧ | ٧ |
| | کاغەز و چاپەمەنی | - | - | - |
| | پترولییەکان | ٥ | ٤.٩٥ | ٦ |
| | پلاستیک | ١ | ٠.٩٩ | ٨ |
| | بەرهەمە کارەباییەکان | ١ | ٠.٩٩ | ٨ |
| | کانزا فلزییەکان | ١ | ٠.٩٩ | ٨ |
| | کانزا نیمچە فلزییەکان | ٣٧ | ٣٦.٦٣ | ١ |
| | پیشەسازییەکانی تر | ٦ | ٥.٩٤ | ٥ |
| سەرجەم | | ١٠١ | ١٠٠ | ١٣ |


سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (3 )

شێوەی ژمارە (3) ژمارەی پیشەسازییەکان لە ناوچەی سێیەم




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (5).

نەخشەی ژمارە (5)دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان لە ناوچەی سێیەم (قەزای شەقڵاوە) لە ساڵی 2021ز



سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی(ArcMap, v.10.7)، بۆ سوود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (5) .

### 3ـ 1ـ 3 ناوچەی پێنجەم – قەزای کۆیە


ئەم ناوچەیە لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە کەوتۆتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە، ڕووبەری ئەم ناوچەیە (2051کم$^2$)، لەم ڕووبەرەش (550.36کم$^2$)ی دەکەوێتە هەرێمی ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر، کە ناحیەکانی (سەنتەر، شۆرش، ئاشتی، سکتان)، دەگرێتەوە و ناحیەکانی (سێگردکان و تەق تەق) سنوریان ناکەوێتە ناوچەی لێکۆڵینەوە. ئەم ناوچەیە بە پلەی سێیەم دێت، کە ژمارەیان دەگاتە (44) کارگە، وەک لە خشتەی ژمارە (6) شێوەی ژمارە (4) و نەخشەی ژمارە (6) دیارە. دەبینین کەرتی پیشەسازیی کانزای نیمچە فلزی بە پلەی یەکەم هاتووە، ژمارەیان (27) کارگەیە، ڕێژەی (61.36٪) کۆی گشتی کارگەکان پێکدێنێت. هەروەها کەرتی پیشەسازیی پلاستیکیش لە کۆتا پلە دێت و ژمارەی (1) کارگەیە، ڕێژەی (2.27٪)کۆی گشتی پیشەسازییەکان پێکدێنێت. هەروەها ئەم ناوچەیە هیچ یەک لە پیشەسازییەکانی (چاڵەنەوتییەکان، کوتاڵ و جلوبەرگ، بەرهەمەدارییەکان، کاغەز و چاپەمەنی، کانزا فلزییەکان و پیشەسازییەکانی تر) تێدا بەدیناکرێت.

خشتەی ژمارە (6) کەرتە پیشەسازییەکان بەپێی پۆلێنکاری (ISIC) لە ساڵی 2021 لە ناوچەی پێنجەم

| جۆری پیشەسازی | کەرتە پیشەسازییەکان | ژمارەی کارگە | ڕێژە٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| دەرهێنراوەکان | چاڵە نەوتییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کانە بەردینەکان | ٣ | ٦.٨٢ | ٣ |
| گۆڕاوەکان | بیناسازی | ٥ | ١١.٣٦ | ٢ |
| | خۆراک و خواردەمەنییەکان | ٢ | ٤.٥٥ | ٤ |
| | کوتاڵ و جل و بەرگ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | بەرهەمە کیمیاییەکان | ٢ | ٤.٥٥ | ٤ |
| | بەرهەمە دارییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کاغەز و چاپەمەنی | ٠ | ٠ | ٠ |
| | پترولیەکان | ٢ | ٤.٥٥ | ٤ |
| | پلاستیک | ١ | ٢.٢٧ | ٥ |
| | بەرهەمە کارەباییەکان | ٢ | ٤.٥٥ | ٤ |
| | کانزا فلزییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کانزا نیمچە فلزییەکان | ٢٧ | ٦١.٣٦ | ١ |
| | پیشەسازییەکانی تر | ٠ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | ٤٤ | ١٠٠ | ٨ |


سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (3 )

شێوەی ژمارە (4) ژمارەی پیشەسازییەکان لە ناوچەی پێنجەم




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (6).

نەخشەی ژمارە (6) دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان لە ناوچەی پێنجەم (قەزای کۆیە) لە ساڵی 2021ز



سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی(ArcMap, v.10.7)، بۆ سوود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (6) .

### 3ـ 1ـ 4 ناوچەی دووەم – قەزای مێرگەسۆر


ئەم ناوچەیە لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە دەکەوێتە باکوری ناوچەی لێکۆڵینەوە، ڕووبەری ئەم ناوچەیە دەگاتە (2031.38کم$^2$)، لە ناحیەکانی (سەنتەر، بارزان، پیران، مەزنێ، شێروان مەزن، گۆڕەتوو) پێکهاتووە، سەبارەت بە دابەشبوونی پیشەسازییەکان بەپێی کەرتەکان، ئەم ناوچەیە بە پلەی چوارەم دێت، ژمارەی کارگەکانی دەگاتە (13) کارگە، وەک لە خشتەی ژمارە (7) شێوەی ژمارە (5) و نەخشەی ژمارە (7) دیارە. دەبینین کەرتی پیشەسازیی خۆراک و خواردەمەنیەکان بە پلەی یەکەم هاتووە لە سەر ئاستی جۆر و کەرتە پیشەسازییەکان، کە ژمارەیان (4) کارگەیە و ڕێژەی (30.77٪) کۆی گشتی کارگەکان پێکدێنێت. هەروەها کەرتەکانی (چاڵەنوتییەکان، بەرهەمە کیمیاییەکان، پترۆلییەکان و کانزای نیمچە فلزی) لە پلەی کۆتایی دێن و ژمارەی (1) کارگەیە، کە ڕێژەی (7.69٪) کۆی گشتی پیشەسازییەکان پێکدێنن. ئەم ناوچەیەش هیچ یەک لە پیشەسازییەکانی (کوتاڵ و جلوبەرگ، بەرهەمەدارییەکان، کاغەز و چاپەمەنی، پلاستیک، کانزا فلزییەکان و پیشەسازییەکانی تر) تێدا بەدیناکرێت.

خشتەی ژمارە (7) کەرتە پیشەسازییەکان بەپێی پۆلێنکاری (ISIC) لە ساڵی 2021 لە ناوچەی دووەم

| جۆری پیشەسازی | کەرتە پیشەسازییەکان | ژمارەی کارگە | ڕێژە٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| دەرهێنراوەکان | چاڵە نەوتییەکان | ١ | ٧.٦٩ | ٤ |
| | کانە بەردینەکان | ٣ | ٢٣.٠٨ | ٢ |
| گۆڕاوەکان | بیناسازی | ٢ | ١٥.٣٨ | ٣ |
| | خۆراک و خواردەمەنییەکان | ٤ | ٣٠.٧٧ | ١ |
| | کوتاڵ و جل و بەرگ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | بەرهەمە کیمیاییەکان | ١ | ٧.٦٩ | ٤ |
| | بەرهەمە دارییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کاغەز و چاپەمەنی | ٠ | ٠ | ٠ |
| | پترولیەکان | ١ | ٧.٦٩ | ٤ |
| | پلاستیک | ٠ | ٠ | |
| | بەرهەمە کارەباییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کانزا فلزییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کانزا نیمچە فلزییەکان | ١ | ٧.٦٩ | ٤ |
| | پیشەسازییەکانی تر | ٠ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | ١٣ | ١٠٠ | ٧ |


سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (3 )

شێوەی ژمارە (5) ژمارەی پیشەسازییەکان لە ناوچەی دووەم




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (7).

نەخشەی ژمارە (7)دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان لە ناوچەی دووەم (مێرگەسۆر) لە ساڵی 2021ز



سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی(ArcMap, v.10.7)، بۆ سوود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (7) .

### 3ـ 1ـ 5 ناوچەی چوارەم – قەزای چۆمان


ئەم ناوچەیە لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە، کەوتۆتە باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە، ڕووبەری ئەم ناوچەیە دەگاتە (944.46کم$^2$) و لە ناحیەکانی (سەنتەر، گەڵاڵە، سمیلان، قەسرێ و حاجی ئۆمەران) پێکهاتووە، سەبارەت بە دابەشبوونی پیشەسازییەکان بەپێی کەرتەکان، ئەم ناوچەیە هاوتا لەگەڵ ناوچەی شەشەم (قەزای ڕواندز) بە پلەی پێنجەم دێت، کە ژمارەی کارگەکانی دەگاتە (7) کارگە، هەروەک لە خشتەی ژمارە (8) شێوەی ژمارە (6) و نەخشەی ژمارە (8) دیارە. دەبینین لەو کەرتە پیشەسازییانەش کەرتی پیشەسازی خۆراک و خواردەمەنیەکان و پترۆلییەکان بە پلەی یەکەم هاتووە، کە ژمارەیان (2) کارگەیە، بەمەش ڕێژەی (28.57٪) کۆی گشتی پیشەسازییەکان پێکدێنێت. هەروەها کەرتی پیشەسازی (کانە بەردینەکانی بیناسازی و بەرهەمە دارییەکان) بە پلەی دووەم دێت، کە ژمارەیان (2) کارگەیە، ڕێژەی (14.29٪) کۆی گشتی پیشەسازییەکان پێکدێنێت، هەروەها ئەم ناوچەیە هیچ پیشەسازییەکی تری تێدا بەدیناکرێت.

خشتەی ژمارە (8) کەرتە پیشەسازییەکان بەپێی پۆلێنکاری (ISIC) لە ساڵی 2021 لە ناوچەی چوارەم

| جۆری پیشەسازی | کەرتە پیشەسازییەکان | ژمارەی کارگە | ڕێژە٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| دەرهێنراوەکان | چاڵە نەوتییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کانە بەردینەکان | ١ | ١٤.٢٩ | ٢ |
| گۆڕاوەکان | بیناسازی | ١ | ١٤.٢٩ | ٢ |
| | خۆراک و خواردەمەنییەکان | ٢ | ٢٨.٥٧ | ١ |
| | کوتاڵ و جل و بەرگ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | بەرهەمە کیمیاییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | بەرهەمە دارییەکان | ١ | ١٤.٢٩ | ٢ |
| | کاغەز و چاپەمەنی | ٠ | ٠ | ٠ |
| | پترولیەکان | ٢ | ٢٨.٥٧ | ١ |
| | پلاستیک | ٠ | ٠ | ٠ |
| | بەرهەمە کارەباییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کانزا فلزییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کانزا نیمچە فلزییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | پیشەسازییەکانی تر | ٠ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | ٧ | ١٠٠ | ٥ |


سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (3 )

شێوەی ژمارە (6) ژمارەی پیشەسازییەکان لە ناوچەی چوارەم




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (8).

نەخشەی ژمارە (8) دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان لە ناوچەی چوارەم (قەزای چۆمان) لە ساڵی 2021ز



سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی(ArcMap, v.10.7)، بۆ سوود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (8).

### 3ـ 1ـ 6 ناوچەی شەشەم – قەزای ڕواندز


ئەم ناوچەیە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوچە لێکۆڵینەوە پێکدێنێت، ڕووبەری ئەم ناوچەیە (550.31کم$^2$) یە، لە ناحیەکانی (سەنتەر و وەرتێ) پێکهاتووە. سەبارەت بە دابەشبوونی پیشەسازییەکان بەپێی کەرتەکان، ئەم ناوچەیە هاوتا لەگەڵ ناوچەی چوارەم (قەزای چۆمان) بە پلەی پێنجەم دێت، کە ژمارەی کارگەکانی دەگاتە (7) کارگە، هەروەک لە خشتەی ژمارە (9) شێوەی ژمارە (7) و نەخشەی ژمارە (9) دیارە. دەبینین کەرتی پیشەسازی کانزای نیمچە فلزی بە پلەی یەکەم هاتووە، کە ژمارەیان (3) کارگەیە، ڕێژەی (42.86٪) کۆی گشتی کارگەکان پێکدێنێت. هەروەها کەرتە پیشەسازییەکانی (خۆراک و خواردەمەنییەکان و بەرهەمە دارییەکان) لە پلەی کۆتایی دێن، کە ژمارەی کارگەکانیان (1) کارگەیە، ڕێژەی (14.29٪) کۆی گشتی پیشەسازییەکان پێکدێنن، هەروەها لەم ناوچەیە هیچ یەک لە کەرتە پیشەسازییەکانی (چاڵەنەوتییەکان، کانە بەردییەکان، بیناسازی، کوتاڵ و جلوبەرگ، بەرهەمە کیمیاییەکان، کاغەز و چاپەمەنی، پترۆڵییەکان، بەرهەمە کارەباییەکان، کانزافلزییەکان و پیشەسازییەکانی تر) تێدا بەدیناکرێت.

خشتەی ژمارە (9) کەرتە پیشەسازییەکان بە پێی پۆلێنکاری (ISIC) لە ساڵی 2021 لە ناوچەی شەشەم

| جۆری پیشەسازی | کەرتە پیشەسازییەکان | ژمارەی کارگە | ڕێژە٪ | ڕیزبەندی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| دەرهێنراوەکان | چاڵە نەوتییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کانە بەردینەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| گۆڕاوەکان | بیناسازی | ٠ | ٠ | ٠ |
| | خۆراک و خواردەمەنییەکان | ١ | ١٤.٢٩ | ٣ |
| | کوتاڵ و جل و بەرگ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | بەرهەمە کیمیاییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | بەرهەمە دارییەکان | ١ | ١٤.٢٩ | ٣ |
| | کاغەز و چاپەمەنی | ٠ | ٠ | ٠ |
| | پترولیەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | پلاستیک | ٢ | ٢٨.٥٧ | ٢ |
| | بەرهەمە کارەباییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کانزا فلزییەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کانزا نیمچە فلزییەکان | ٣ | ٤٢.٨٦ | ١ |
| | پیشەسازییەکانی تر | ٠ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | ٧ | ١٠٠ | ٤ |


سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (3 )

شێوەی ژمارە (7) ژمارەی پیشەسازییەکان لە ناوچەی شەشەم




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (9).

نەخشەی ژمارە(9) دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان لە ناوچەی شەشەم (قەزای ڕواندز) لە ساڵی 2021ز



سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی(ArcMap, v.10.7)، بۆ سوود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە(9) .

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین، لەوانە:

1ـ کەرتە پیشەسازییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (300) کارگەی پیشەسازییە، ئەم کارگە پیشەسازییانەش بەپێی پۆلێنکاری (ISIC) بە سەر جۆری پیشەسازییە دەرهێنراوەکان و پیشەسازییە گۆڕاوەکان دابەشکراون.

2ـ لە نێو کەرتە پیشەسازییەکانیش کەرتی پیشەسازیی کانزا نیمچە فلزییەکان بە پلەی یەکەم دێت، کە ژمارەیان (131) کارگەیە، کەرتی کوتاڵ و جلوبەرگ و کانزا فلزییەکان لە پلەی کۆتایی دێت، کە ژمارەیان (2) کارگەیە.

3ـ ناوچەکانی هەرێمی ناوچەی شاخاوی پارێزگای هەولێر، لە ڕووی ژمارەی کەرتە پیشەسازییەکان ناوچەی (1) کە قەزای سۆرانە بە پلەی یەکەم دێت، ژمارەی کەرتە پیشەسازییەکانی (128) کارگەیە، ناوچەکانی ژمارە (4 و 6) کە قەزاکانی چۆمان و ڕواندزە بە پلەی پێنجەم دێن، ژمارەی کەرتە پیشەسازییەکانیان بۆ هەر ناوچەیەک (7) کارگەیە.

4ـ ئاراستەی دابەشبوونی پیشەسازییەکان بە ئاراستەی باکوری ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پلەی (1.84).

لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم/ سەرچاوە بە زمانی کوردی**


1ـ سەرچاوە حکومییەکان

ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی، بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانن و بەدواداچوون، ڕێنمایی و پلانی پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازی کەرتی تایبەت، کانوونی دووەمی ساڵی2023 بڵاونەکراوە.

ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان بۆ داتاو زانیاری (هەولێر، 2023)، (داتای بڵاونەکراوە).

ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کارەبا، بەرێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر، بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی کارەبای هەولێر، بەشی پلان، 2023، داتای بڵاونەکراوە.

ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بەشی کاروباری نەوت و کانەبەردینەکان، (هەولێر، ٢٠١٦) (داتای بڵاونەکراوە).

ـ حکومەتی هەرێمی کورستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی نەخشە سازی،( هەولێر، 2023)ز.

2ـ نامە زانکۆییەکان

- بالەکی، شێروان حسێن شینک، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ پیشەسازییە پیسکەرەکان و کاریگەرییە ژینگەییەکانی لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر ( بڵاونەکراوە)، فاکەلتی پەروەردە – بەشی جوگرافیا، زانکۆی کۆیە، ( کۆیە، 2016) .
- رشید، یادگار خدر، شیکردنەوەیەکی جوگرافی دابەشبوونی پیشەسازی لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر (بلاو نەکراوەتەوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر، ٢٠١٤)،
- علی، نەوشیروان داود، بنەماکانی جێگیربونی پیشەسازی لە ناحیەی بازیان ( لێکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای پیشەسازی)، ماستەرنامە، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، (کۆیە، 2022).
- کارەش، هۆشمەند جوهر عباس، شیکردنەوەی توانستی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکانی قەزای شەقلاوە لە ساڵی 2015 (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای خزمەتگوزاری)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر،2016).

3. پەرتوکە کوردییەکان

- ئیسماعیل، سلێمان عەبدوڵلا، جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر، 1998).

4ـ گۆڤارەکان

- حمدأمین، هاشم یاسین و ئەوانی تر، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی یاریگا بچوککراوەکانی تۆپی پێ لەشاری هەولێر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژمارە (5)، ( ڕاپەرین، 2016).

**دووەم/ سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی**

1ـ رسائل الماجستير

- حسن، ريبين حمه اسماعيل، الصناعات الانشائية في قضاء رانية – اقليم كوردستان العراق، رسالة ماجستير( غير منشورره)، جامعة المنصورة كية الادب – قسم الجغرافية، (مصر، 2016).
- خليل، ژيان سليمان، التركيب الصناعي في قضاء سيميل وتأثيراته البيئية، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، سكول الاداب، جامعة دهوک، (دهوک، ٢٠١٤) .
- الزيادي، أمنة عبيد، واقع الاستثمار الصناعي واتجاهاته المكانية في محافظة المثنى ( دراسة في جغرافية الصناعة)، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة المثنى، (العراق، 2019).
- العتبي، حسين جميل كاظم، التحليل المكاني للتوطن الصناعي في منطقة جميلة، رسالة ماجستير، جامعة المستنصرية، كلية التربية، (مصر، 2021)،
- الفلاحي، قاسم شاكر محمود، الصناعه فى محافظه كربلاء دراسه فى جغرافيه الصناعيه، رساله ماجستير، مقدمه الى كليه الاداب ، جامعه بغداد، (بغداد، 1989).

- كريم، حلاو حسين، الصناعات الغذائية في محافظة اربيل، رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة الصلاح الدين، كلية الاداب – قسم الجغرافية، (اربيل، ٢٠٠١).

2ـ اطاريح الدكتوراه

- اسماعيل، أحمد جليل، صناعة الموارد الانشائية في محافظتي اربيل و دهوك، أطروحة دكتوراه(غيرمنشورة)، كلية علوم الاجتماعية، جامعة كوية، (كوية، 2010).

3ـ الكتب

- رسول، احمد حبيب، مبادئ الجغرافية الصناعية ، الجزء الاول ، مطبعة دار السلام ، (بغداد، 1976).
- هارون، علي احمد، جغرافية الصناعة، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي، (قاهرة، ٢٠٠٢).

4ـ المجلات

- مكي، محمد سعيد، السيطرة النوعية ودورها في الصناعات الغذائية، مجلة الصناعات الغذائية، العدد السابع، (بغداد، 1982).
- عباس، اركان ريسان، الشركة العامة للصناعات الكهربائية والالكترۆنية (دراسة تحليلية مقارنة للمدة 2004-2015)، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية، العدد (30)، جامعة بابل، (العراق، 2016).
- منشد، أحلام نوري، تحليل وتنميط امكانات الواقع المكاني والتنموي للصناعات في محافظة ديالى للمدة (2918-2030)، المجلة العربية للعلوم ونشر الابحاث - مجلة العلوم الطبيعية والحياتية والتطبيقية، العدد الرابع، المجلد الثاني، (ديالى، 2018).
- شێخۆ، ابراهيم خشمان هسام، كفاءة الاستعمالات الصناعية في محافظة دهوك (دراسة في جغرافية الصناعة)، مجلة جامعة دهوك، المجلد (١١)، العدد (٢)، (دهوك٢٠٠٨).

5ـ ماڵپەری ئەلیکترۆنی

- 6716https://ar.warbletoncouncil.org/industria-extractiva- .
-

## تصنيف الصناعات حسب تصنيف ISIC وتوزيعها الجغرافي في المنطقة الجبلية بمحافظة اربيل

1ـ شيروان حسين شينك 2ـ امانج احمد حمدأمين

**ملخص**

من أهم القضايا في الجغرافيا الصناعية هو فصل الصناعات وتصنيفها، حيث يهدف إلى جمع الأنشطة الصناعية المتشابهة لتسهيل إظهار الاختلافات في توزيع الأنشطة الصناعية، وتصنيفها واتجاه توزيعها غير معروف في هذا المجال، بحيث يمكن تكون عونا جيدا للمخططين من أجل تطوير المنطقة، ولهذا الغرض تم استخدام الأساليب (الوصفية والتحليلية والمقارنة) للقطاعات على شكل خرائط. وأخيرا توصلت الدراسة إلى عدة استنتاجات منها: يتواجد في منطقة الدراسة (300) مصنع صناعي واتجاه توزيعها في شمال منطقة الدراسة وبدرجة (1.84).

**الكلمات المفتاحية** (الصناعة، التصنيف الصناعي، اتجاه التوزيع، المنطقة الجبلية لمحافظة اربيل).